Logistik Lernen Hamburg
فێربوونی دابینکردن-هامبۆرگ

Hamburg | Behörde für Wirtschaft, Verkehr und Innovation
هامبۆرگ
دەسەڵات بۆ کاروکاسبی، هاتووچوو و داهێنان



تەلەفۆنی موبایل لە هۆنگ کۆنگ، پارچەی کاڵا بۆ کانادا، کاغەز لە سوید، کارخانەکان بۆ چین یان بەردی مەرمەری ئیتالیا بۆ هیند – ئەمە بەس بەشێکی بچووکە لە کاڵا زۆرەکان و کاڵاکان کە ڕێکخراوە بۆ بڵاوکردنەوە و ڕۆژانە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا دەگوێزێتەوە. ڕادەی بڵاوکردنەوەی دابینکردن لە سەرانسەری جیهاندایە و دەشێت بگاتە هەموو پیشەسازییەکان. بازرگانەکان خزمەتەکانی گواستنەوە و دابینکردن پێگیری دەکەن.

## پیاو بازرگان / ژن بازرگان بۆ گواستنەوە و خزمەتی دابینکردن

پرۆفایلی پیشەکار:

پیاو بازرگان/ژن بازرگان بۆ گواستنەوە و خزمەتی دابینکردن دڵنیایی دەدات بۆ گواستنەوەی ئاسان و هەرزان و کەم خەرج کاڵا. چ لەڕیگای زەوەی، ئاوی یان ئاسمانی بێت. گرینگ نییە کە چییێکی بچکۆلەی کۆمپیوتەری بێت یان ئامێرەیەکی تەواو بێت. ئەمە بۆ پرۆسەی دابینکردن گرینگە و لە زیادتر لە 500 بنکەی گواستنەوە لە هامبۆرگ بەکار دەبرێت.

لەماوەی 3-ساڵ ڕاهێنانکردندا، جگەلە ئەرکە تایبەتییەکان وێنەی ئامانجی گشتی گەورە نیشان دەدرێت. تەواو زەنجیەری دابینکردن لە کۆنترۆڵدا بێت، کە ئەمە ئامانجی ڕاهێنانەکەیە؛ ئامۆژگاریکردن مشتەری، پێشنیاردان، ئامادەکردن گرێبەستەکان و پێڕەویکردن لە یاساکان گومرک، پرۆسەکانی بەرنامەدانان، هاوڕێکی، چاودێری و چارەسەرکردن کێشەکان یان یەکلاییکردنەوەی داخوازییەکان لە لایەن بەشی گواستنەوە و ئەنبار.

دەرفەتی ڕاهێنانی جۆراوجۆر هەیە، وەکوو بڕوانامەی زیادە یان خوێندنی زیادتر. هیچ سنوورێک بۆ پیشەکەی تۆ نییە.

پێداویستییەکان:

بۆ داواکاری ڕاهێنانکردن پیاو بازرگان/ژن بازرگان بۆ گواستنەوەی نێودەوڵەتی و خزمەتەکان دابینکردن، تۆ دەبێت کە لانیکەم پلەی خوێندنگای ناوەندی یان تەنانەت دوا-ناوەندی یان بڕوانامەی چوونەژوورەوی کۆلێژت هەبێت.

**کۆپانیاکانیش بەدوای ئەو داواکارانە دەگەڕێن کە توانای بیرکردنەوەیان هەبێت، بتوانن لەگەڵ تیم کار بکەن، توانای کۆمەڵایەتی و تێکەڵی لەگەڵ خەڵکیان هەبێت و لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک لەزەت ببەن. داواکارەکان دەبێت توانای سازگاری لەگەڵ باردۆخی فشاردروستکەریان هەبێت، و گونجاو بن، و سەربەخۆ و بەرپرس بن. شارەزایی لە زمانی بیانی وەکوو ئنگلیزی یان زمانەکانی دیکە هەمیشە سوودبەخشە. جگەلەوانە، بەقەدر و ڕێزەوە نزیکبوونە لە کەلتوورەکانی دیکە پێویستە، چونکە ئەم پیشە لەوانەیە زووزوو پێویستی بە پەیوەندی لەگەڵ مشترییەکان بیانی بێت.**

موچە:

شاگردەکان موچەی دەرچوویی لە ڕاهێنان وەردەگرن کە پەیوەندیدارە بە ساڵی ڕاهێنانەکە. لە ساڵی یەکەمی ڕاهێنانەکەدا ئەم موچە بڕی نزیکی 700 تا 725 یورۆیە. ئەمە لە کۆمپانی بۆ کۆمپانی جیاوازە و پەیوەندیدارە بەوەی کە ئاخۆ بە ڕێککەوتنێکی گشتی گەیشتوون.

**ئایا وەسفی کارەکە و بواری چالاکییەکی بە لاتەوە سەرنج ڕاکێش و خۆشە؟ داواکاری لە هەرکام لە 500 کۆمپانیای بارهەڵگری لە ناوچەی شاری هامبۆرگ وەردەگیرێت. زانیاری زیادتر سەبارەت بە ڕاهێنانەکە دەکرێت وەدەست بکەوێت لە وێبگەی:**
www.logistik-lernen.hamburg

Sprache: Kurdisch